www.kurdistannet.org
18-2-2003 8:59

# لەدایکبوون . . ونبوون

مەهاباد قەرەداغی

چ کارەساتێکی دڵتەزێنە
لە ڕۆژهەڵات لەدایکبوون!!
ئاگر لە هەناسەم بەردەبێ
گوێچکەم دەبێتە شارەزەردەواڵەی جنێوان
هاوارەکان . . مینا سیکاردی نەبینراو . . زمانم دەبڕن
ئەم خوێنە چەند نامۆیە بە دڵم !
ئەم شوێنە چەند نامۆیە بە جەستەم !
شێوەکان . .
وەک گڵێنە وەنەوشەییەکانی ڕۆژ
لە بانێژەی پایزەوە
زەردەخەنە . . و
سەوزەخەنە . . و
سورەخەنەن!
چ لە دەنگەوە فێردەبین؟!
هاوارێکی نەبینراوی وێنەی شەوە
یان . . گۆرانییەکی ئاسمانی؟!
چ لە ڕەنگەوە فێر دەبین؟!
تابلۆیەکی خۆرەتاوی . . یان پەیکەری
خوای ونبوون و نیگەرانی؟!
سەریان لە ڕۆحم شێواند و . .
ئاوازەکانیان لێ دزی
لە کورتەی هەواڵەکاندا دەمدۆزنەوە و . .
لە درێژەی دەنگوباسدا ونم دەکەن
لەم وێستگە پڕ لە مێشوولە و . . مێشەنگەدا . .
جەستەم تەزی!
ئاهەنگی لەدایکبوونە و . .
هاوار . . جەستە ورد ورد دەکات
چ کارەساتێکە لەدایکبوون . . ونبوون!
(تەنها عەشق ڕووداوی لەدایکبوونم لە بار دەبات
خۆشەویستی . . مۆمێکە لە کەناری شەو
شەوی دەیجووری بێکۆتایی ڕۆژهەڵات)

سەریان لە دڵم شێواند و. .
تریەتریەی بێیان ڕفاند
سەریان لە سیمام شێواند و. .
ژیلەمۆیان لە ژووری چاوم داگیرساند
چ کارەساتێکە لێرە. .
لەم دۆزەخەی پڕ لە ئەستێرەی ئاڵایە. . لەدایکبوون!
چ مەرگەساتێکە لێرە. .
لەم جیهانەی بێکۆتایی تڕی لە تاوانە. . ونبوون!
. . .

1992-11-20
سوریا- شام
. . .
لە دیوانی (پانۆراما) وە.

**تێبینی کوردستان نێت:**
مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پاریزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... 2003-1-15